6ca6-ha76-boyn-ftbk

# چی کۆبانی سەرخست!؟

کۆباني، بە تێکۆشان و کۆڵنەدان و بەخشینی خوێنی پاکی سەدان شەرڤانی شۆڕشگێڕ و جەماوەری ئازا و دڵسۆز، سەرکەوت.

راستە ئازایەتی و چەك و شەڕکردن و رووبەڕووبوونەوە پێویست و گرنگ بوون بۆ سەرکەوتنی کۆبانی، بەڵام ئەوە ئەو پەروەردە شۆڕشگێرانەیە و ئەو بیروباوەڕە شۆڕشگێرانەیە و ئەو رەوشتە شۆڕشگێرانەیە بوو کە ئەو هەموو شەڕڤان و جەمارە ئازا و دڵسۆز و خۆڕاگر و شۆڕشگێرەی بۆ شەڕکردن و رووبەڕووبوونەوە و کۆڵنەدان و سەرکەوتن، رێنمایی و ئاراستە کرد.

بژی پەروەردەی شۆڕشگێرانە.

بژی بیروباوەڕی شۆڕشگێرانە.

بژی رەوشتی شۆڕشگێرانە.

بژی بەرخۆدانی کورد و کوردایەتی.

هەر سەرکەوتووبن، هەر بژین پێشمەرگەکان و گەریلاکان و شەڕڤانەکانی پاراستن و مانەوەی کورد و کوردستان.

[jeudi 26 mars 2015 20:36] Baxtyar Shemeyi: [donderdag 26 maart 2015 12:51] You: پرسیارێك لە میللەت:

ئەرێ بەڕاست، ئافرەتان نیوەی کۆمەڵ نین و دایك و خووشکی نیوەکەی دیکەیشیان نین!؟

ئەی بۆچی ناکرێت و نابێت، لە مێژووی کورددا، ئەگەر بۆ یەك جاریش بێت، ئافرەتێکی کورد، سەرۆکی کورد بێت!؟

[donderdag 26 maart 2015 12:51] You: بەختیاری شەمەیی

[jeudi 26 mars 2015 20:36] Baxtyar Shemeyi: [donderdag 26 maart 2015 10:41] You: هەندێك لە سەیروسەمەرەکانمان:

شەڕانییە و ناوی ئاشتییە.

درۆزنە و ناوی راستییە.

کۆنە جاشە و ناوبانگی باشە.

نەخوێندەوارە و پەرلەمانتارە.

بازرگانە و سیاسەتمەدارە.

کۆنە بەعسییە و شالیارە.

ترسنۆکە و ژەنەڕاڵە.

ڤیمینیستە و سەربەهەوێیە.

ئەندامی دەستەی ئەستۆپاکییە و دز و گەندەڵە.

پزیشکە و بانگخواز و داعشە.

تیرۆریستە و سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤە.

مامۆستای زانکۆیە و بڕوانامەکەی ساختەیە.

نووسەرە و زوڕناژەنە.

رۆژنامەنووسە و سیخوڕە.

دیمۆکراتییه و بۆکسوەشێنە.

مامۆستایه و شۆفێری تەکسییە.....هتد.

بەختیاری شەمەیی

[jeudi 2 avril 2015 22:44] Baxtyar Shemeyi: لە سەیروسەمەرەکانمان:

- باشووری کوردستان، یەکێکە لە دەوڵەمەندترین سەرزەمینەکانی جیهان، خاوەنی دەریایەك نەوت و گاز و چەندین سامانی سروشتی دیکەی گرنگ و پێویست و بەنرخە، خاوەنی چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆری داهاتە، کەچی ئێستا ئێمەی کورد، یەکێکین لە هەژارترین نەتەوەکانی جیهان.

- لەم چەند ساڵانەدا، بەپێی ئامارەکان، ژمارەی میلیاردێر و میلیۆنەرەکانمان گەیشتوونەتە زۆرتر لە 25 هەزار بازرگان و سەرمایەدار و سیاسەتمەدار! کەچی خاوەنی زۆرترین کرێنشینین و خاوەنی لەشکرێکی گەورە لە منداڵانی بۆیاخچی و عەلاگەفرۆش و لە ژنان و پیاوانی بەساڵاچووی دەسگێر و سواڵکەرین!

- ساڵانێکی زۆرە هەتا ئێستا، بە هەزاران هەزار گەنج و لاوی بێ ئیش و بێکارمان هەن، کەچی دەسەڵاتە سیاسییەکەمان بە هەزاران هەزار گەنج و لاو و ئیشکەر و کرێکار و کابان، لە وڵاتە هەژارەکانی دیکەوە هاوردەی کوردستان دەکەن کە کارمان بۆ بکەن!

ئەرێ بەڕاست با لە خۆمان بپرسین: ئێمە چ جۆرە میللەتێکین و چ جۆرە دەسەڵات و سیستمێکیمان هەیە!؟

-

[jeudi 2 avril 2015 22:44] Baxtyar Shemeyi: بەختیاری شەمەیی